


SP.



سازدانی : عەلی مەحموود محەمەد

" ئەم چاوپێکەوتنە بە هاوکاری کاك یونس گۆران ئەنجامدراوە , کە ئەندامێکی دیاری پارتی سۆسیالست و کەسایەتییەکی دڵسۆزی کوردە و پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی هەرێمایەتی هۆڵەندییە لە ناوچەی ئۆترێختی هۆڵەندا , لەسەر لیستی پارتی سۆسیالستی هۆڵەندا , ژمارە 9 لەو لیستە .

" هەروەها ئەم چاوپێکەوتنە دەچێتە چوارچێوەی هەوڵەکانی چاك بۆ ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید " .

**هاری ڤان بۆملۆ سیاسەتمەدارێکی ناسراوی هۆڵەندی دۆستی نزیکی کوردە , بەرپرسی فایلی دەرەوەیە لە پەرلەمانی هۆڵەندی , کەسایەتی دووەمی پارتەکەیانە , کە ئێستا 25 کورسییان لە پەرلەماندا هەیە .**
**لە دوا هەڵبژاردندا ژمارەی کورسییەکانی ئەم پارتە لە 9 کورسییەوە بەرز بوەوە بۆ 25 کورسی , ئەم پارتە بە نزیکی لە گەلی کوردەوە ناسراوە , هەر ئەم پارتەش بوو لە پەرلەمانی هۆڵەندیی پاش بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ ئانرات , بە هەڵوێستی ئازایانەیان توانییان دۆزی فرانس ڤان ئانرات لە قاو بدەن و گەورە بکەنەوە .**

**پ: هاری ڤان بۆملۆ دۆستێکی نزیکی گەلی کوردە , نازانیین دۆستی هەتا هەتاییمانە , یان ئێستا لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەیەکی زۆر کورسییان هێناوەتەوە و پێویستی بە ئێمە نەماوەو کوردی لە بیر چۆتەوە ؟ , یاخود هەر دۆستمانەو ئێستا لە جاران زیاتر دەتوانێت کارمان بۆ بکات ؟ .**

**هاری ڤان بۆملۆ : بێگومان , بێگومان . بەو پێیەی ئێمە ئێستا کورسیمان زۆرترە لە پەرلەمان , زیاتر دەتوانین لە ئاستی ئەوروپا و نێو نەتەوەیی کار بکەین , لە ناو پەرلەمان یاخود لە دەرەوەی پەرلەمان , نوێنەرمان زیاترە , وتە بێژمان زیاتر هەیە لە پەیوەند بە کێشەی نێو نەتەوەیی . ئێستا زیاتر ئەندامین لە ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی , وەك بوون بە ئەندام لە ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ مافی مرۆڤ و کۆمیتەی OVSA ڕێکخراوی ئاسایش و هەرەوەزی ئەوروپی , ڕێکخراو لە ئاستی یەکێتی ئەوروپا دژ بە شەڕ و برسێتی , هەروەها ئەندامە لە ئەنجومەنی ناتۆ , .... وە لە هەوڵدانی زیاتردایین بۆ بوون بە ئەندام لە زۆر ڕێکخراوی جیهانی , لێرەوەیە دەتوانیین زیاتر بۆ بەرژەوەندی کورد کار بکەین و قسە بکەین , هەروەها ئێستا ئەندامێکی کوردمان هەیە , ئەمەش وا دەکات لە ناو جالییەی کورد لە هۆڵەندە و دەرەوەی هۆڵەندا کاریگەریمان زیاتر بێت و بەکاری بهێنین .**

**پ : بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان , دیدو بۆچوونی پارتی سۆسیالست چۆنە ؟ .**
**هاری : ئێمە با قسە بکەین لەسەر بارودۆخی وڵاتەکان خۆیان , دەبینیین بارودۆخی وڵاتەکان جیاوازن لەگەڵ یەکتر , ئەگەر سەیری کورد لە تورکیا بکەین , کێشەکەی زۆر جیاوازە لە کێشەی کورد لە ئێراق , بە هەمان شێوە لە ئێران , سوریا , بۆیە دەمانەوێت پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو وڵاتانە بەشێوەیەك ڕێکبخەین تا لە بەرزترین ئاستدا بتوانیین یارمەتی کورد هەروەها نەتەوەکانی دیکەش بدەین .**

**پ : چۆن دەتوانن ڕیفۆرمی ئەو وڵاتانە بکەن ؟ , بە تایبەت وڵاتێکی وەك کۆماری ئیسلامی ئێران , خۆت سەردانی عێراقت کرد , ئایا توانیت کاریگەری لەسەر سەدام دابنێیت ؟ لە بەرامبەردا گرترایت لە بەغدا .**
**هاری : بێگومان , بێ گومان , هەربۆیە من دەڵێم بارودۆخی ئەو وڵاتانە لەبەرچاو بگرین , بۆ نموونە کوردی تورکیا , سوود لە یاسای یەکێتی ئەوروپی وەردەگرن بۆ کاریگەری لەسەر باری کورد لە تورکیا , تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا , لێرەوە دەیانەوێت باری کورد لە تورکیا باش بکەین , لە ڕێگەی سیاسەت و پیلانەکانی یەکێتی ئەوروپاوە پاڵەپەستۆ دەکەین بۆ ئەوەی مافی مرۆڤی کورد باشتر بکەین .**
**بارودۆخی عێراق تەواو لەمە جیاوازە , بۆ نموونە دەتوانیین بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا و نەتەوە یەککگرتووەکان بارودۆخەکە بگۆڕین و کاریگەریمان هەبێت , لە سوریا ئەوروپا کۆمەڵێك پەیوەندی دوولایەنەی لەگەڵدا بەستووە , دەتوانیین لێرەوە کاریگەری دابنێین , بۆ ئێران کە لە هەمووی سەختترە , هەر ئێستا ئێران لە کێشمە کێشدایە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەسەر کێشەی چەکی ئەتۆمی و دەست وەردان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و کێشەی ئیسرائیل , بەم هۆیانەوە ئێمە بەرامبەر بە دۆزی کورد وەك پارتی سۆسیالست سیاسەتێکمان داڕشتووە لەسەر بنچینەی جیاوازی بارودۆخەکە لەو وڵاتانە .**

پ : گەورەترین پارتی کوردستانی بە تیرۆریست دراوەتە قەڵەم , ئایا هەنگاو دەنێین بۆ هەڵگرتنی ئەو توهەمەتە ناڕەوایە لەسەریان ؟ .

هاری ڤان بۆمڵ : ئێمە ئەو لیستی ڕێکخراوی تیرۆریستانەی لە ئەوروپا هەیە بە باش نازانیین و لە گەڵیدا هاوبیر نیین , بۆ نموونە سەیری حەماس و حیزبوالاّ بکەن , هەر یەکە دووباڵیان هەیە , باڵی سیاسی و باڵی سەربازی , بۆیە نابێت دیالۆگیان لەگەڵ ببڕین , وەلیّ ئەگەر لیستێکی وات هەبێت وەك لیستێکی دیجیتاڵ " مەبەستی باش و خرپ , ڕەش و سپیە " ئەوە ناکرێت .

ئێمە پێویستمان بەو پارتە گەورانە هەیە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان , بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخی ئەو وڵاتانە , هەر بۆیە پێمان وایە لیستی یەکێتی ئەوروپا بۆ تیرۆریزم شتێکی باش نییە و ڕێگرە لەبەردەم سەقامگیری سیاسی درێژ ماوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . هەر بۆیە ئێمە بە حکوومەتی خۆمان دەڵێین بڕۆن لە گەڵ حەماس قسە بکەن بزانن ئێستا چی دەڵێن , بڕۆن لە گەڵ پەکەکە قسە بکەن بزانن ئێستا چی دەڵێن , لە بەر ئەوە پێمان وایە دەبێت بارودۆخی ئەو حیزبە لە بەرچاو بگرین کە ئێستا تیایدایە , پاڵەپەستۆ دەخەینە سەر حکوومەتی هۆڵەندی سەیری هەڵوێستی ئێستای پەکەکە بکەن بۆ ئاشتی .

پ : یانی ئێوە ئامادەن وەك پارتی سۆسیالست پشتگیری لەو هەڵوێستەی پەکەکە بکەن بۆ ئاشتی ؟ .

هاری ڤان بۆمڵ : بەڵێ , بەڵێ , لە پەرلەمان باسمکرد , لە وەزیری دەرەوەی هۆڵەندام پرسی هەڵوێستی چییە لەسەر ئاگر بەستی ڕاگەیەنراوی پەکەکە " کەسێکی دیکە نایوێرا باسی ئاشتی لە تورکیا بکات کاتێك هاری باسی ئاشتی پەکەکەی کرد لە پەرلەمان " , ئێمە وەك پارتی سۆسیالست پێمان وایا حیزب و الله و پەکەکە و حەماس ئەو لایەنانە نین ئاخافتنیان لەگەڵدا نەکەین , هەر چەندە ئەو لایەنانە لە لیستەکەشن , بەڵام ئێمە هەر قسەیان لە گەڵدا دەکەین , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوە مانای ئەوە نییە هەر لایەنێك ناوی لە لیستی تیرۆری ئەوروپیدا بوو ئێمە قسەیان لە گەڵدا نەکەین , ئێمە تەعامول لە گەڵ ئەو پارتانە بە پێویست دەزانیین بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش .

پ : بۆ ئەوەی کورد پرسی چینۆسایدکردنی خۆی وەك ئەرمەن و جولەکە لە ئاستی نێو نەتەوەیی بە ژینۆساید بناسێت , چی بکەین باشە ؟ , نموونە چی بکەین ئەنفال بە ژینۆساید بناسین وەك ئەرمەن و جولەکە , نموونە پرسی ژینۆسایدکردنی ئەرمەن لە بانگەشەی هەڵبژاردنی هۆڵەندا بابەتێکی زیندوو بوو .

هاری ڤان بۆمڵ : هەر ئێستا لە هۆڵەندا گفتوگۆ زۆر گەرمە لەسەر پرسی ژینۆسایدکردنی ئەرمەن , بۆ ئەوەی پرسی ژینۆسایدکردنی کورد بناسرێت بە ژینۆساید گرانە , کێشەکە لە خودی وشەی ژینۆسایدەوەیە , لە لایەك ژینۆساید پرۆسەو دیاردەیەکی وردە لە ڕوی یاسایی و پەیماننامەکان , لە ڕوی ئەو پەیماننامەیەی لە ساڵی **1948 دژ بە ژینۆساید واژۆ کراوە کە هۆڵەنداش بەشێکە لەو پەیماننامانە .**

**ئەگەر بتانەوێت ئەنفال بە ژینۆساید بناسرێت کارێکی سەختە , پێم باشترە لە بارودۆخی ئێستادا خەبات بکەن بۆ بەرژەوەندییەکان کورد , بە باوەڕی من خەبات بکەن بۆ بەرژەوەندییەکان و ئامانجەکانی ئێستاتان , گرنگە هەندێك ئیعتراف بکرێت بە کێشەکانی ڕابردوو , وەلیّ پێم وایا ئێستا گرنگترە لە ڕابردوو , پێویستە کەڵك لە ئێستا وەربگرن نەك ڕابردوو .**

**پ : بۆچی ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید گرانە , ئایا ئەنفالتان خوێندۆتەوە , هەمان پێناسی ژینۆسایدی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستانی باشوور ڕوویداوە ؟ , کێشەی ئاشتی پەکەکە جیاوازە .**

**هاری ڤان بۆمڵ : هەڵەبجە کۆمەڵکوژییەکە ڕەنگە ژینۆسایدیش بێت , من ئاگادارم لە پرۆسەی ئەنفال 180000 مرۆڤ لە ناودراوە و ژمارەیەکی زۆر گوند خاپور کراوە , من بۆ خۆم پێم باشە ئەنفال وەك ژینۆساید بناسرێت , بەڵێ بەڵێ ژینۆسایدە .**

پ : وەك خۆت یان وەك پارتی سۆسیالست ئەنفال بە ژینۆساید دەناسیت .

هاری ڤان بۆملێ : وەك خۆم و وەك پارتی سۆسیالستیش , لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی من بیروباوەڕی پارتی سۆسیالستیشە , وەلێ با بزانین بۆ کورد ئێستا چی باشە , ئەمە بیروباوەڕی خۆمە , پێم وایە باشە کوردیش وا بیربکاتەوە , نموونە کارکردن لە سەر مافی مرۆڤ , قسەکردن بە زمانی خۆی و مافی ڕۆشنبیری , کولتووری . ئەوە مێژووە ئەتوانرێت سومبولێکی سیاسی بێت , وەلێ پێم وایا لە ئێستاوە کاربکەین و سەرەتای خەباتمان بێت , نموونە لە سوریا نارەزایەتی خەڵك خەڵتانی خوێن دەکرێت , لە تورکیا خەباتی کورد بە تیرۆریزم دەزانێت , خەباتگێرە کوردەکان وەك تیرۆریزم دەناسرێن و تەقەیان لێدەکرێت , من لەسەر ئەو بابەتانە لەگەڵ هۆڵەندا و یەکێتی ئەوروپا و تورکیا قسە دەکەم . هۆڵەندەش بۆ خۆی مێژوییەکی ناخۆشی هەیە لە ئەندەنوسیا و زۆر ناوچەی دیکەش .  ئەوانە ئەوەلییەتی کارمە , وەلێ پێم وایا ئەو مەسەلانەی ئێستا ڕودەدەن گرنگترن .

پ : چۆن جولەکە و ئەرمەن لە ڕێگەی ژینۆسایدەوە بوون بە دەوڵەت , ئێمەش ئەمەمان دەوێت .

هاری ڤان بۆملێ :  بەڵام ئەمە ناکرێت , چونکە دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ مانای وایا ڕوبەڕوی لەگەڵ کۆمەڵێك وڵات لە ناوچەکە , با دامەزراندنی دەوڵەت بۆ خەڵکەکە بەجێبهێڵین .

پ : ئێمە داوای پشتگیری ئێوە دەکەین , بۆ دوبارە نەبونەوەی کۆمەڵکوژییەکان پێویستە ژینۆساید بە فەرمی بناسرێت لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا , ئێستا ئاساییە بنووسین پارتی سۆسیالست دان بەوەدا دەنێت ئەنفال ژینۆسایدە ؟ .

هاری ڤان بۆمل : بەڵێ بنووسن پارتی سۆسیالست دان بەوەیا دەنێت ئەنفال ژینۆسایدە , ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین ئەنفال بە ژینۆساید بناسرێت .

پ : پرسی کەرکووك کێشەیەکی گرنگە چ بۆ کورد , چ بۆ عێراق ,  چ بۆ ناوچەکە , لە ڕابردودا قسەت هەبووە لەسەر ئەو پرسە , ئەی ئێستا چی دەڵێیت لەسەر ئەو پرسە گرنگە ؟.

هاری ڤان بۆملێ : کێشەی کەرکووك پەیوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە هەیە , هەموو دەیانەوێت کەرکووکیان هەبێت , منیش لەم مەسەلەیە تێدەگەم . بەڕاستی ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق بەرهەمی تێنەگەیشتنی درووستە , بۆ نموونە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هێرشی نادرووستی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق , کە زۆر لایەنی تێدابوو , هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی نادرووست لە بارودۆخەکە , نموونە هێرشی نادرووستی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق , دوو خاڵی نادروستی تێدابوو :

**1- هێرشێکی نادرووستیان کردە سەر عێراق کە نابوایا بکرابایا , لەبەر ئەوەی جیهان پشتگیریان نەکرد .**

**2- پلانێکی درووستیان نەبوو بۆ تەعامل لەگەڵ بارودۆخەکە , کە کاتێك سەدام لابدەن دوایی چی بکەن لە عێراق , ئەمەش بۆتە هۆی ئەم بارە  نالەبارە .**

**پێم وایە دەبێت کەرکووك بەبەشێك بمێنێتەوە لە عێراق , تورکیاش نابێت دەست وەربداتە کێشەی کەرکووکەوە , ئەگەر چی تورکمانیش هەن لە ناوچەکە . پێویستە سەروەری و یەکپارچەیی عێراق بپارێزرێت , پێویستە عێراقیش بە یارمەتی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی ببێتە وڵاتێکی فیدراڵی .**

**پ : ئایا داکۆکی لەوە دەکەن کەرکووك بگەڕێتەوە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان ؟ .**

**هاری ڤان بۆملێ : من قسە لەسەر دەستووری عێراق ناکەم , وا دابنێ ئەگەر ئەم بریارە ببێتە هۆی درووستبوونی کێشەی مرۆڤی ئەوە لەو کاتە کێشەیە , من کێشەم لە گەڵیدا دەبێت , من مەسەلەی مافی مرۆڤ وەك مەسەلەیەکی هەمەگیر دەبینم , ئەو دەستوورەو دابەشکردنی دەسەلات لە ناو عێراق و ئەوەی ڕیفراندۆمی لەسەر بکرێت بۆ من هیچ ناگەیەنێت , ئەگەر لە هۆڵەندا ڕاپرسییەك بکرێت  ئێمەش لە عێراقییەکان ناپرسین هەڵوێستیان چییە لە سەری .**

**پ : با بێینە سەر تەوەرێکی دیکە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندە بە پارتەکەتان و بیروباوەڕەکانی پارتی سۆسیالستەوەیە , ئەویش ئەمەیە , ڕۆژ بە ڕۆژ هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر دەبن , کەچی دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەپەکان سورییەکەیان کاڵتر دەبێتەوە , لەم بارەیەوە چی دەڵێن ؟ .**

هاری ڤان بۆمڵ :من لەگەڵ ئەوە تەبا نیم , لەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر و سورییەكان كاڵتر بنەوە , سەیری ئەمەریكای لاتین بكەن , سەیری فەنزویلا بكەن , سەیری پۆلیڤیا و شیلی بكەن , چەندین وڵاتی دی لە ئەمەریكای لاتینی كە سورتر دەبن , كەم ڕەنگتر نابن وەك تۆ دەڵێیت بەڵكە ئەوانە سووری تەواون , وەلێ سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا یان ئەوروپا دەبینین چەند پارتێك بە تایبەت سۆسیال دیموكراتەكان كەمڕەنگتر دەبێت , وەلێ پارتی سۆسیالست وەك خۆی ماوە .

پ : بەڵام ئەو پارتانە باوەڕییان بە دكتاتۆری پرۆلیتاریا نییە , با نموونەیەك زیندوو بێنینەوە پارتی سۆسیالست پارتێكی ماوی بوو , كەچی ئێستا لەگەڵ سستەمی پاشایەتی خۆی ڕێك دەخات ؟.

هاری ڤان بۆمڵ : ئێمە وانەمان لە ڕوخانی ئەزموونی سۆڤییەت وەرگرت , هەروەها ئەو كۆمەڵگایانەی كراوەن , وەلێ ئەوەی لە ئەمەریكای لاتین دەیبینین پێم وایا ئەلتەرناتیڤی سرسیالستییە , ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیزمە بۆ نیولیبریالیزمی ئەمەریكی و ئەوروپی , پێم وایە ئەوە ئەلتارناتیفی سۆسیالستییە , من پێم وایا لە هۆڵەندا یارتی سۆسیالست لە هەموو پارتەكانی دیكە سۆسیالستترە , دیارە مەبەستم ناو هۆڵەندەیە , لە ئاستی ئەوروپا كۆمۆنیستە ئەرتەدۆكسەكانیش هەن , ئەوان دورتر ناڕۆن لە ماركس و ئەنگلز و لینین , وەلێ ئێمە پاش ڕوخانی سۆڤییەت زیاتر گۆڕانمان بەسەر خۆمان هێناوە .

پ: ئەو خۆگونجانە كالبەنەوەكەیە .

هاری ڤان بۆمڵ : درووستە , پێویستە لە هەڵەی كەسی دیكە شت فێر بین و خۆمان چاك بكەینەوە .

پ : بەیانی لە هۆڵەندە هەڵبژاردن كرا , لە 75 **كورسی زیاتر‌تان هێنایەوە , بە تەنیا حكوومەتتان پێك هێنا , چی دەكەن ؟.**

**هاری ڤان بۆمڵ : ئەگەر دەسەڵاتمان بە دەستەوە گرت سۆسیالیزم بەڕێوە دەیەین لەم وڵاتە .**

**پ : شافێز تەنها ئاوو كارەبای خۆماڵی كرد , بازاڕی پشك لەو وڵاتە زیاتر لە 18,6٪ دابەزی , ئەی ئێوە چی لە شەل و فلیبس دەكەن ئەگەر ڕایان كرد لە وڵات , چ كاریگەرییەك لە ژیانی خەڵك دەكات ؟ .**

**هاری ڤان بۆمڵ : ئەو كۆمپانیانە نێو نەتەوەیین , من مەبەستە كەرتی خزمەتگوزاری گشتییە , شەل بارەگای لە هۆڵەندایا وەلێ قازانج لە هۆڵەندا ناكات , لە بەشەكانی دیكەی جیهان قازانج دەكات .**

**پ : ئەی ئەگەر بانكی ئابن ئەمرۆ هەڵات ؟.**

**هاری ڤان بۆمڵ : من مەبەستم ئەوە نییە بانكەكان بكەین بە كەرتی گشتی .**

**سادات قەرەبلووت , ژنە پەرلەمانتاری 32 ساڵەی كورد خێزانەكەی پێش لە دایك بوونی لە ناوچەی دەرسیمەوە هاتوونەتە هۆڵەندا , لە دوا هەڵبژاردنی هۆڵەندی لە لیستی پارتی سۆسالستدا بوو بە ئەندام پەرلەمان , لە لیستەكەی خۆی سێیەم دەنگی هێنایەوە .**

**پ : سادات قەرەبلووت , ژنێكی نەناسراو بوو لە ناو كوردان , ڕاگەیاندنمان بۆی كرد , دەنگمان بۆی كۆكردەوە , هەزاران كوردی دانیشتووی ئەم وڵاتە دەنگیان بۆیدا , ئێستا بزانیین ئەم ژنە كوردە چیمان بۆ دەكات ؟.**

**سادات : سەرەتا سوپاستان دەكەم , خۆش بوو ئەو هەموو خاڵكە هاوكاری منتان كرد , شانازی بەوەوە دەكەم كە كوردم , وەلێ من كاتی هەڵبژاردن داكۆكیم لە بەرنامەی پارتێك كرد , بە هاوكاری ئێوە وایكرد خەڵكانێكی زۆر دەنگ بۆ ئێمە بدەن , ئێمە گەورە بكات , من لە پەرلەمان كار دەكەم دژ بەو سستەمە بوەستمەوە كە خەڵك هەژار دەكات .**

**یەكێك لە كارە پڕ بەهاكانی پارتی سۆسیالست ئەوەیە هەموو كات ئاكسی دەكات , ئێمە هەموو كات هاوكاری خەڵك دەكەین , ئێمە بەبێ خەڵك ناتوانین ئەوكارانە بكەین .**

**پ : تۆش نەبیت پارتی سۆسیالست ئەوكارانە هەر دەكات , ئێمە پێویستمان بەوەیە پشتگیری لە كێشەی كورد بكەن , لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی بن لە توركیا , دژ بە لە قەنارە دانی كوردەكان بن لە ئێران .... .**

سادات : من لەگەڵ هاری لەسەر ئەوبابەتانە زۆر قسەمان پێکەوە کردووە , من بەختم هەیە لێرە لە دایك بوومە , ڕاستە دایك و باوکم لە تورکیاوە هاتوونە , بنەچەم کوردە , ئەوانە هەموو سەرمایەی منن , ئەمانە هەموو سەرمایەیەکی کولتوری پڕ بەهان بۆ من , وەلێ من زۆر باوەڕم بە ناسیۆنالیزم نییە , ئەوەی من زۆر حەز دەکەم بیکەم ئەوەیە پردێك درووست بەم لە خیلالی ئەو سیاسەتە نا درووستانەی کە ئێستا بەڕێوەیدەبەن لە ناو خەڵك , ئەوەی من خەباتی بۆ دەکەم ئاشتییە لەناو خەڵك , ئەو هەڵبژاردنە وەك ئەندامێکی پارتی سۆسیالست بەشدار بم لێی کە ئاشتییە لە تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی نێو دەوڵەتی . بێگومان دەمەوێت پشکداری بکەم و بەشی خۆم بەشدار بم لەو پرۆسەیە , دۆزی ئاشتی لە تورکیا و جەنگی عێراق پەیوەندییان بە منیشەوە هەیە , لەم ڕووەوە من وەك کەسێك لە پەیوەند بە کێشەی ئەنتەرناسیۆنالەوە , بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگترە داهاتووی خۆمانە لەم وڵاتە , داهاتووی منداڵەکانمانە , ڕاستە کێشەی دەرەکی گرنگە بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگترە کێشەی ناوەکییە , بۆ ڕاستکردنەوە ئەو کێشانەی لێرە ڕوو دەدەن , ئێمە لێرە هەموو هەوڵ دەدەین پێکەوە کۆمەڵگایەك بنیات بنێین .

لە ژورەوە " ناو پەرلەمان " وا هەست دەکەم کێشەی کورد کێشەی منە .

حەز دەکەم ئەوانەش زیاد بکەم , من لێرە لە دایك بوومە , من نەوەیەکی دیکەم جیا لەوانەی ئێستا هەن , من کەسێکم نوێنەری خەڵکم دەمەوێت کێشەی ئەو خەڵکانە چارەسەر بکەم . هەموو با هەوڵ بدەین پرۆسەی ئاشتی بەرینە پێشەوە , چارەسەرییەك بدۆزینەوە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا , بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە ڕێگای دیموکراتیانە چارەسەر بکرێت لە تورکیا .

پ : ڕاستە تۆ ئەندام پەرلەمانی لە هۆڵەندا , بەڵام تۆ وەك کوردێك ئیحساست لە ئەندام پەرلەمانەکان دی زیاترە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد , چونکە تۆ کوردیت .

سادات : بێگومان باشتر لە کێشەکان تێدەگەم . بێگومان پەیوەندی بە ئیحساسی کەسییەوە هەیە , بێگومان وەك ئیحساسێکی شەخسی کەسانێك لە تورکیا کە ناتوانن بە زمانی خۆیان قسە بکەن ڕێگە بە کولتورەکەیان نادرێت کێشەیە بۆ من , هەروەك چۆن خەڵکانی بیانی لێرەوە دەخرێنە سوچێکەوە و بە پەراوێز دەکرێن , بۆیە پێویستە هەموو پێکەوە چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە , بێگومان ئەم مەسەلەیە تەنها بۆ کورد نا بەڵکە بۆ گروپی دیکەش , پێویستە پێکەوە چارەسەریان بکەین , پێویستە هەموو پێکەوە کاری بۆ بکەین , بەڵام نابێت کێشەکان بگوازینەوە بۆ ئێرە , ئەو کێشانەی ئەوێ نەهێنین بۆ ئێرە , ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزینەوە ئەوا سیاسەتی نیولیبراڵەکان سەردەکەوێت لێرە . هەوڵبدەین جیهانە جیاوازەکان پێکەوە گرێبدەین بۆ ئەوەی کۆمەڵگای خۆمان باشتر بکەین , هاوکات پێم باشە چارەسەری دیموکراتیانە بدۆزینەوە بۆ کێشەکان لە وڵاتەکانی دیکە .

پ : هەڵوێستت چییە لەسەر پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا , بە تایبەت ئەو پەیامەی هاری ڤان بۆمڵ بانگەوازی بۆ کرد ؟.

سادات :من بە تەواوی لە گەڵیدا هاوڕام .

پ : پەیامت چییە بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا ؟ .

سادات : لەگەڵ هەمان وتەکانی هاریم , ئەوەی هاری باسی کرد لە گەڵیدام , نامەوێت وتەکانی هاری دوبارە بکەمەوە .دەبێت بانگەوازی ئاشتی بقۆزرێتەوە , زۆر تورکیش لەگەڵ ئاشتیدان , بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەکانی تورکیا لە ژێر سایەی دەستورێکدا بە مافەکانی خۆیان بگەن .

پ : داوەت کراویت بۆ کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە , ئەگەر بچیتەوە بۆ کورستان , پەیامت چی دەبێت بۆ ئەو خەڵکە ؟.

سادات : ئیحساسێکی خۆشە , پێم خۆشە ڕۆژێك لە ڕۆژان بچمەوە , کە چومەوە ئەوجا پەیامم دەبێت , هەروەها ئارەزوومە ڕۆژێك لە ڕۆژان بچمەوە دەرسیم بۆ میهرەجانی مەنزوور .